ئیرادەیەکی بەهێزتر لە تیرۆر و بەربەرەکانێتی گرتن!... عەبدولڕەحمان گۆرکی

بەربەرەکانێتی گرتن لە لایەن هێز و لایەنگرانی بەکار بهێنراوە جووڵە و کارەکی ناشیرین و ناشایستەیە. بە تایبەت ئەگەر لەلایەن حکومەتێکەوە ئەنجام بدرێت تاوانێ و بەپێی جۆر و کات و هەندەکانی، ئاستی تاوانەکە دیاری دەکرێت. ژمارەی ئێران، نموونەی کۆنکرێتی ئەمجۆرە حکومەتانەیە لە پێنج دەیەی ڕابردوو و خراپترینیانە لە جۆری خۆیدا. چونکە تێکڕاوەی تاوانکارییەکانیتری ئەم دەسەڵاتەیە، لەوانە کوشتن و لە سێدارەدان و تیرۆرکردن و بەمبانانەوە بردومانکردن و هتد!
ژمارەی ئێران بە بارمتەگرتنی هاووڵاتییانی وڵاتانیتر، دەستی بە حوکمڕانی کرد و بە درێژایی دەسەڵات، نەک تەنها هەرگیز خۆی لەم تاکتیکە تاوانکارییە دوور نەخستەوە و ڕۆژانە هەندێ خراپتری بە زیاد کردووە، بەڵکو بە درێژ(!) و لە ژێر ناوی بەرگریکردن لە ئێران و ئیسلام و خەڵک، دەستی داوەتە ئەمکار و داو و دەزگا پەیوەندیدارەکانی لە دەرەوەی وڵات و بە تایبەت باڵیۆزخانەکانی خۆی ڕاسپاردووە بە پێشخستنی ئەمجۆرە تاوانانە.

سازان لەگەڵ بانکەوانی تیرۆر لە جیهاندا!
لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردووادا بەردەوام نموونەگەلێکی لەمجۆرە تاوانانە بووین کە لە لایەن ڕژێمی ئێرانەوە ئەنجام دراوە و بەداخەوە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بە سیاسەتی "سازشتکاری" مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە. هەر لەبەر ئەم هەکارشە کە ژمارەی تیرۆریستی ئێران توانیویەتی بە شەوازی جۆراوجۆر، ئەم لیقەرە بەکاربهێنێت بە گەیشتن بە ئامانجەکانی. بە تایبەت لە ووبووبوونەوەی ئاڵنگاری و قەیرانەکان و لە سەروەی هەموشیانەوە لە ووبووبوونەوەی تاکە ئاڵترناتیڤی دیموکراتی، واتا (ئەنجومەنی نیشتمانی موقاومەتی ئێران). دوایین هەنگاویشی بریتی بوو لە هێکەوتنی لەگەڵ حکومەتی بلژیکا، بە ڕزگارکردن و گەڕاندنەوەی تیرۆریستانی ژمارەی ئێران بە لای خۆی. حکومەتی بلژیکا بە پەسندکردنی پرۆژە یاسای ئاوگەڕکردنی زیندانیانی نێوان هەر دوو وڵات، یاریکردن لەسەر زەمینی ژمارەی ئێرانی هەبژاردووە کە ئەمەش زۆر مەترسیدارە!
پەیوەستە بگوترێ یەکەم بەرهەمی ئەم هێکەوتنە ناشایستە،

گواستنەوەی دیپلۆماتکار – تیرۆریست (ئاسەدوللا ئاسەدی) یە لە زیندانی بلژیکاوە بە ئێرانی ژێر دەستات ژەمی تیرۆریستان. واتە هەر ئەو شوێنەی کە لە ساڵی 2018 بڕیو بەمبانەوە لە کۆبوونەوەی ساڵانەی موقاومەتی ئێران لە پاریس بەرکرابوو بڕیو ئەوروپا تا لە ژێر پەردەی دیپلۆماتکدا ئاگم کردە تیرۆریستییە ئەنجام بدات کە هەبەت دواتر دەستبەسەر کرا!
ئاگم پیلانە گەورە تیرۆریستییە، تەنها چەند کاتژمێر بڕ لە دەستپێکی کۆبوونەوەی ساڵانەی موقاومەتی ئێران لە لایەن پۆلیسەوە کشف کرا، لەگم کۆبوونەوەیدا سەدان کەسایەتیی بڕجەستەی جیهان، لە پێنج کیشوەڕەوە ئامادەی ببوون، لە نەویاندا خاتوو مریەم ڕەجەوی، سەرۆکی هەبژێردراوی موقاومەتی ئێران. دواتر دیپلۆماتکار – تیرۆریست (ئاسەدوللا ئاسەدی) و تیمکی تیرۆریستی چوار کەسی دەستگیرکران و لە پرۆسەیکی دادوەریدا، سزای (20) ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندرا. سزای هاوشوێش بە ئەندامانی تیمکە درچوو.

بارمتەگرتن، لیقڕک بە بڕیوپەشبردنی تیرۆر!

ڕژیمی ئێران لە ماوەی چوار دەیەی دەسەاتداریدا. هاوکات لەگەڵ گرتن و ئێشکەنجەدان، لە سێدارەدان و کوشتن، تیرۆر و بڕدومان و جۆرەها پێشێلکاریی گەورەی مافی مرۆڤ بڕانبەر بە خەڵکی ئێران، بارمتەگرتنی خەڵکانی وەاتانیتر و بەتایبەتی خەڵکانی خاوەن دووگەزنامە، بەشێک بووە لە بڕنامەی نەگەڵ و ئەندازیاریکراوی، بە پێشخستنی ئامانجە تیرۆریستی و مەزنخوازییەکانی کە بە ڕەگەی جۆراوجۆری فەڵکردن و پیلانگێڕیەوە، ڕاکێشی ناو ئێرانی کردوون و لەوێش، دوای دروستکردنی فایلی ساختە و هەنگاوی بڕایی و گونجاو لەگەڵ ئامانج و کێشە و قەیرانکانیدا، گرتووونی و بە پێشخستنی ئامانجی تیرۆریستیی، یان مەبەستی سیاسی و ئابووریی، بە کاری هێناون کە بە پێی بەڵگەنامەکان، لە چەندین حاڵەتدا، "دانپێدانانی زۆرەملێ"ی لە وەرگرتوون بە ئاوەی شۆرعیەت بەدات بە کردەی بارمتەگرتنەکەی.
لە کەس شاراوە نییە کە وەلی فەقیهی دەسەاتداری ئێران، هەمیشە "لیقڕی بارمتەگرتنی"ی لە کاروباری دیپلۆماسیدا بە مانەوەی ژەمەکەی بەکارهێناوە. عەلی خامنەیی بە هەی سیاسەتی لاوازی دەوەتانی ڕۆژاوا، لەمە نەگرتنەبڕی سیاسەتکی بەهێزی توند بڕامبەر بە دیپلۆماسیی بە بارمتەگرتن، توانیویەتی قازانجگەلکی زۆر بکات و بەم شێوەیە، داواکارییەکانی بەسەر دەوەتاندا بسەپێنێت!
هەوەستی سازشتکارانەی دەوەتانی ڕۆژاوا بڕانبەر بە

داخوازییەکانی رژێمی بارمتەگری دەسەڵاتدار لە ئێران، نەک هەر نەیتوانیوە کۆنترۆڵی تیرۆر و فراوانخوازی رژێمی ئێران بکات، بەڵکوو ڕۆژانە شاهیدی تەشەنەکردن و پڕڕاستاندنی تیرۆر و بناژەخوازیی ئەم رژێمەین کە ئەمڕۆش وەک (پڕۆپاگەندەی ڕەش) بە ناو چاوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە دیارە!

ئازارێکی هاوبەش بەرانبەر بە سیاسەتی سازان لەگەڵ رژێمی ئێران!

هێزیمی ئێران توانیویەتی بە هێگای باوەڕخانەکانییەوە (بیخوێنەوە جاسوسخانە و شوێنی سیخوڕیکردن و خانەی تیرۆر) و لە ژێر پەردەی کاری دیپلۆماسیدا، مەودای بارمتەگرتنەکانی لە جیهان زیاتر بکات! مارك دوبۆویتز (MarkDubowitz)، سەرۆکی جەبهەجەکاری دامەزراوەی بیرکردنەوەی بەرگری لە دیموکراسیەکان، پێیوایە ئێران لە ناو قەیرانەکان و ململانێی لەگەڵ ڕژێماوادا، بە بارمتەگیراوەکان وەکو موزایەدە بەکاردەهێنێت: "بەدنیاییەوە کەماری ئیسلامی ئێران خەڵکان بە بارمتە دەگرێت و چل ساڵە ئەمکارە دەکات و ئەم کارەی کردووە بە کارێستەی شێوە. خەڵکی بێتاوان دەستگیر دەکات. ئەم رژێمە بە تەمەتی ساختە و جەراوجەر، خەڵکانێکی خاوەن دوو ڕەگەزنامە یان خەڵکانی وڵاتانی بیانی دەستبەسەر دەکات و بە لێپرسینەوە و دادگاییکردنی دادپەروەرانە و ئاشکرا و، بە ڕێچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ و لە گەرماوگەرمی ململانێکانیدا لەگەڵ وڵاتانی جیهان، کەسانێ وەک (کەپێنی مشتومە و موزایدەکردن) دژ بە وڵاتانی ڕژێماوا بە کار دەهێنێت. تێقاندن و دروستکردنی ترس لە کورتخایەندا، بیانییەکان لە ئێران دوور دەخاتەوە، بەڵام لە درێژخایەندا تەنها باس لە ترس و دڵەڕاوکێی کەماری ئیسلامی دەکات بەرانبەر بە خەڵکەکەی خێی و لە کەتاییدا خەڵک سەردەکەوێت".

ئاماژەگەری بەرنگاربوونەوەی بە بارمتەگرتن و تیرۆری هێزیمی ئێران!

تا ئێو کاتێی سیاسەتی سازان و سات و سەودا بەسەر دۆسیەتانی ڕژێماوادا زاڵ بێت، هێوەستی دۆسیەتان لە ئاست سیاسەتی بە بارمتەگرتن ناگەڕدرێت. ئەم ڕاستییە زەر جار سەلمێندراوە. هاوکات لەگەڵ ئەم ڕاستییەش پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە قوربانییە سەرەکییەکانی سیاسەتی نەرم و نیانیی دۆسیەتانی هێژاوا لەگەڵ هێزیمی دژەمرۆی ئێران، خەڵک و موقاومەتی ئێران بوون. هەر لەبەر ئەم هەکارییە کە موقاومەتی ئێران وەک (ئاماژەگەری سەرەکی بە ئاشکراکردن و لەقاودانی سات و سەودای لەمجەرە)، هەمیشە بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ئێران کاری کردووە و لە گەڵپانکەدا باجەکێی داوە. لەم دواییانەدا مایکل فرایلیش، ئەندامی پەرلەمانی فیدراڵی بلژیکا لە وتارێکدا ڕوو لە موقاومەتی

ئەران وتی: ئەمە بە تەنیا ناتوانین بەگری لە پەسەندکردنی پڕۆژەیاساکە لە پەرلەمانی وڵاتەکەماندا بگرین. هەر بۆیە پشتویستمان بە یارمەتی و هەماهەنگی ئەوەیە".
ئاشکرایە کە چارنووسی هەر وڵاتێک لە لایەن خەڵکی ئەو وڵاتە و نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی و لە نیهایەتدا حکومەتی ئەو وڵاتە بڕیاری لەسەر دەدرێت. بەڵام تا ئەو جێگەیەی پەیوەندی بە خەڵک و موقاومەتی ئەرانەوە هەیە، پشتویستە پیلانی موزایەدەکردن و سات و سەودا لەسەر حیسابی بڕژەوەندییەکانی خەڵکی ئەران ئاشکرا و ریسوا بکرێت و ئای گشتی جیهانی لە ئاگادار بکرێتەوە و لەدژی هان بدرێن!

ویژدانی مرۆڤایەتی هاوچەرخ!
ئێستا هەموومان شاهیدی ئەوەین کە چۆن ویژدانی بەئاگا و بەداری خەڵکی بلژیکا و وڵاتانیتری جیهان بەم دەکەوتنە بەشەرمانەیە وروژێندراوە و وەک نموونە لە بلژیکا، بە سەرۆک وەزیرانی ئەم وڵاتە دەڵێن "تۆ لە هەموو جیهاندا ناوبانگ و ئابووی وڵاتەکەمانت بردووە!". نابێت گومان لەوەدا هەبێت کە لە ئایندەیەکی نزیکدا حکومەتی ئەم وڵاتە ناچار دەبێت باجی ئەو کارە ناشیرینە بدات. هەروەک چۆن ئەندامەکی پەرلەمانی بلژیکا پەسەندکردنی ئەم پڕۆژەیاسایە لە لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە پارەمانی بە "دژێکی دەش بە بلژیکا" ناوبرد و وتی: "دەبێت حکومەت (بلژیکا) شەرم بکات" و پرسیاری لەو کەسانەی دەنگی (ئەرێنی)یان داوە بە پڕۆژە یاساکە کرد کە "ئایا دەتوانن لە ئاوێنەدا سەیری خۆیان بکەن؟".
کەوایە ئەوەی دەکرێ وەک دەستکەوتکی گەورە بەرجەستە بکرێت ئەوەیە کە نە ئای گشتی جیهان، نە دیمەنی سیاسی و یاسایی و دژنامەوانی، مامەڵەیەکی وەها بەشەرمانەیان پێ قبووڵ ناکرێت. هەر بۆیە دادگای پەداچوونەوەی بڕکسێل رەگەی بە گواستنەوەی دیپلەماتکار – تیرێریست (ئەسەدوڵا ئەسەدی)، بە ئەران نەداوە و داوای لە سەرۆک وەزیران و وەزیر کاروباری دەرەوە و وەزیری دادی بلژیکا کردووە ئامادەی کەبوونەوەی دادگا بن!

عەبدولڕەحمان گەورکی، نووسەر و لێکۆڵەری سیاسی

فەرموون تاوانباری جینۆسایدی بارزانییەکان لە نەمسایە, ڕشتنی فرمێسکی پێ ناوێت!... عەلی مەحمود محەمەد

فارس نیعمە محیاوی Neama Hussain AL-mihiwai Faris لەدایك بووی 3-7-1940 دانیشتووی شاری ڤیەنای پایتەختی نەمسا, لە ساڵی 1983 وەك فەرماندەی فەیلەقی 1 و 5, لە پاڵ بەشداریکردنی لە پرۆسەی ئەنفال لە سەردەمی فەجری دوو سەرکردەی فەیلەقی 1 سوپای عێراقی بوو, فەرماندەیی گرتنەوەی چیای گردەندی کرد لە پرۆسەی فەجری دوو بە هاوکاری جاشەکان, بارزانیش لە یاداشتەکانی خێدا ئاماژەی پێ دەدات"هێزەکانی ئێران لە لایەن شیرازی و موحسین ڕەزاییەوە فەرماندەیی دەکران, هێزەکانی عێراقیش لە لایەن فەریق ڕوکن, نەعمە حوسێن فارس ئەلمحیاوی, فەرماندەی فەیلەقی پێنجەوە سەرپەرشتیی دەکران. سەددام خێیشی سەردانی دیانای کردبوو, لەم شەڕە عێراق چەکی کیمیایی بەکار هێنا-بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد – بەرگی چوارەم 1975-1990 شەڕشی گوڵان- ل 205".

هاوکات لە پاڵماردانی بارزانییە سڤیلەکانی ناوچەی دیاناو شۆنبزرکردنیان ناوبراو بەیار دەربووە, وەك عەلی تەتەر ئاماژەی پێ دەدات" حکومەتی عێراق پاش ئەم تاوانە، لە ئابی ١٩٨٣، بە فەرمانی سەرکردەی فەیلەقی یەکی سوپای عێراق، لیوای ڕوکن نەعمەت فارس حوسێن بە هەماهەنگی لە گەڵ لقی باکووری لەشکری حزبی بەعس لیژنەیەکیان، بە سەرکایەتیی عەمیدی ڕوکن ئیحسان کامل شەبیب پێکهێنا بوو، کە کارەکەیان بریتی بوو، لە ئەنجامدانی ئامارێکی ئەمنی لە سەر هەموو نیشتەجێبووانی قەزای سەران و ناحیەی دیانا و گوندەکانی دەوروبەر، بە ڕەوشەنی پەویست بە دانانی ڕاددەیەك بە بزاڤی »خائین و بەکرێگیراوان « بە پێی دەربەینی ئەوان و دەزینەوەی جێگایەك، کە یەکەکانی لەشکری و ئیداری عێراق بۆی بگوازرێتەوە کە ئاسانتر بتوانن بیانپارێزین. هەروەها بە بەرنگاربوونەوەی هەر کردەوەیەکی نائاسایی، لە ٩ی ئابی ١٩٨٣ هێزەکی تەواویان پێکهێنا بوو، و پیلانکی ئەمنییان دانابوو بە بەرنگاربوونەوەی هەر پێشهاتێك. بەم شێوەیە حکومەتی عێراق لاپەڕەیەکی نوێی لە سەر تاوانکانی دژ بە مرۆڤایەتی و گەلی کورد

لە بەدەنگی کۆمەگای نەودەوەتی تۆمار کرد کە تا ئێستاش شونەوارکانی بەسەر کومەگای کوردیدا ماوە. بەلام دوای ئازادکردنی عێراق، لەسەر کۆمەکوژی بارزانییەکان، هەر یەك لە عەلی حەسەن ئەلمەجید، تارق عەزیز عیسا، سەعدون شاکر مەحموود، سەفیان ماهرحەسەن، وەتبان ئیبراهیم حەسەن، حامد یوسف حەمادی و حکمەت مزبان ئیبراهیم لەلایەن دادگای بالای تاوانکانی عێراق بە تاوانی کۆمەکوژی دادگایی کران -حکومەتی عێراق و جینۆسایدی بارزانییەکان پرۆفیسۆری هاریکار دکتور عەلی تەتەر-تایبەت بە گولان نوسیویەتی- کۆمەکوژی بارزانییەکان و بەدەنگی کۆمەگای نەودەوەتی رێگای بە ئەنفالی گەرمیان و کیمیاباران خۆشکرد سیاسی ژمارە (٩٤٠) ٥/ ٨/ ٢٥ ٢٠١٣".

سەرباری تاوانکانی لە پرسەی جینۆسایدی بارزانییەکان, الفریق الرکن (نعمە فارس حسین) یەکێکە لە داواکراوانی کۆیسی ئەنفال, یەکێکە لە تۆمەتبارە سەرەکییە داواکراوەکانی خولی یەکەمی دادگا, لە داوانامەی دادگای باڵای تاوانکاندا ناوی 24 تاوانبار هاتووە" بە پێی نووسراوی ف2 1445 رێکەوتی 18-12-2005 ی دادگای باڵای تاوانکان, ژمارەی فایل 9101 و 9102 لە کەی 9302 فایلی ئامادەکراو بۆ دادگا لە کۆیسی تاوانی ئەنفال, بەیاری گرتن بۆ 24 تاوانبار دەرچووە لەسەر داوای دادوەری لێکۆڵینەوە, لەو داوا نامەیدا, نیعمە فارس ژمارە 13یە, (ناوی لە لیستی 423 تۆمەتباری ئەنفال هاتووە بە ژمارە 86 -الفریق الرکن (نعمە فارس حسین) معاون رئیس ارکان الجیش للتدریب).
لیوا روکن فارس حوسێن محیاوی لە پاڵ کۆماڵە ساجت و سوڵتان هاشم سەرکردایەتی پرسەی ئەنفالی یەکی کردووە "23-2-1988 بۆ 19-3-1988", لە دانیپچنانکانی سولچتان هاشمدا ناوی هاتووە 8147 بۆ 8179.
ناوبراو دواتر دەبێتە باوەزی عێراق لە نەمسا, لە لایەن رێکخراوی چاودێری کوردساید چاك ەوە, وەك تۆمەتبارێکی ئەنفال سکاڵای یاسایی لەسەر تۆمار کرا, وەلە بەهەی پشتگوێ خستنەوە لە لایەن دادگای بالای تاوانکانەوە کە هوکاری داواکاری گشتی نەمسایان نەکردووە لە پێوەندییان بە دادگاوە, تۆمەتانەت سەردانیان بۆ دادگا, ئەو سکاڵایش وەك سکاڵا لەسەر 422 تۆمەتبارێکی دیکەی ئەنفالی لەهات, پشت راستی ئەو تۆمەتانە نەکرانەوە کە خرابوونە پاڵی لە لایەن سکالاکرانەوە, لە رێکەوتی 11-9-2007 سکالای سکاڵاکران گەیشتبووە دەست دەزگاکانی نەمسا " ئەوانەی رێیان هەبوو لە پرسەی سکالاکە: خوالێخبوو ناجی عەقراوی, و ف

هاوولاتییەکی عەرەب لە نەمسا زانیاری تایبەت بە تاوانباری کەکردەوە, شاخەوان شەش, گەران هەڵبجەیی, دەرسیم دیبەگەیی, قادر نادر, عەلی مەحمود", هەروەها کاك ڕزا حەمەی شاعیر چەند بەگەنامەیەکی وەرگەڕایە سەر زمانی ئەڵمانی خەبەخشانە.
نەبوونی ناوی فارس نعمە محیاوی لە لیستی تاوانبارانی بارزانی لە ئاستی نەبوونی ناوی نزار خەزرجییە لە لیستی تاوانبارانی ئەنفال وە جێگای گومان و پرسیاریشە لەسەر کەی پرسەی دادگاییکە.
هاوکات هاوکارینەکردنی داواکاری گشتی نەمساوی و پرسەی دادگاییکە لە لایەن سەرانی کورد بە تایبەتی پارتییەوە کە بە ددان ئەشێك سەفەری نەمسا دەکەن جیگای پرسیارە.
نیعمە فارس حوسێن هەمان ئەو ئەفسەرە دوو ئەستێرەییە بەعسییە بە پۆنانی 9 گولە بە سنگی سەرۆك وەزیران عەبدالکەریم قاسمەوە, لە ناوەندی ڕادیۆی بەغدا, کەتایی بە ژیانی هێنا لە پرسەی کودەتا شومەکەی 8-3-963, ناوبراو ئێستا بە پلەی لیوا خانەنشینە لە عەراق.

عەلی مەحمود محەمەد



.BPD REPUBLIK ÖSTERREICH
BUNDESPOLIZEIDIREKTION WIEN

Wien, am 11.10.2007

Herr
A. Mahmoud

alimahmud2001@yahoo.com

M. Raz, ARätin
Büro für Informationsdienst, Öffentlichkeits- und Medienarbeit
Schottenring 7-9
A-1010 Wien
Tel. :+43-1 31 310 / 72107
Fax :+43-1 31 310 / 72119
e-mail :*BPD W Informationsdienst
bpd-w-informationsdienst@polizei.gv.at
DVR :0003506

GZ: 444566/2007

Sehr geehrter Herr Mahmoud!

Bezugnehmend auf Ihr Schreiben vom 11.9.2007 teilt die Bundespolizeidirektion Wien mit, dass dieses an die Staatsanwaltschaft Wien weitergeleitet wurde.

Hochachtungsvoll
Dr. Schwabl
Hofrat

REPUBLIK ÖSTERREICH
Staatsanwaltschaft Wien

Landesgerichtsstraße 11
Postfach 400
A-1082 Wien

Telefon:
01/401 27 DW

Telefax:
01/402 79 11
Sachbearbeiter:
StA Dr. Michael KLACKL

An
A. MAHMOUD
Kalvrweide 67
2727GB Zoetemeer
Nederland

51 St 10/05v

Betrifft: Strafsache gegen Nihama Faris AL-MIHIAWI.

Sehr geehrter Herr MAHMOUD!

Bezugnehmend auf Ihr Schreiben vom 11.9.2007 teile ich Ihnen mit, dass in dieser Sache Erhebungen durch die österreichischen Polizeibehörden geführt werden, welche insbesondere im Hinblick auf die Notwendigkeit der Beschaffung von Informationen aus dem Irak noch nicht abgeschlossen sind.

Vom weiteren Verfahrensgang werden Sie, wie auch weitere Anzeiger in dieser Sache, selbstverständlich verständigt werden.

Staatsanwaltschaft Wien
am 19.9.2007

Staatsanwaltschaft Wien
Landesgerichtsstr. 11
1080 Wien
Tel.: +43 (0)1 40127-0

Bitte obige Geschäftszah
in allen Eingaben anführe

037 51 St 10/05v - 10

Mahmoud A.
Kalvrweide 67
2727GB ZOETERMEER
NIEDERLANDE

Soweit in diesem Formular personenbezogene Ausdrücke verwendet werden, umfassen sie Frauen und Männer gleichermaßen.

STRAFSACHE:

GEGEN:

Beschuldigter:
Neama Hussain AL-MIHIAWI-FARIS
geb. 03.07.1940
Gersthofer-Straße 145/2/6
1180 Wien


WEGEN: §§ 153 Strafgesetzbuch, 256 Strafgesetzbuch, 321 Strafgesetzbuch, 75 Strafgesetzbuch

12. Februar 200

Bezugnehmend auf Ihr Schreiben vom 11.9.2007 teile ich Ihnen mit, dass in dieser Sache Erhebungen durch die österreichischen Polizeibehörden geführt werden, welche insbesondere im Hinblick auf die Notwendigkeit der Beschaffung von Informationen aus dem Irak noch nicht abgeschlossen sind.

Staatsanwaltschaft Wien
Geschäftsabteilung 51

Dr. Stefan Apostol
(STAATSANWALT)



کورتە چیرۆک/ هاویێک تا مردن... جەلال عەبدوڵا ساڵح

لە دوکانی پیاوە ئەمانییەکە هاتمە دەرەوە. تیشکی خۆرتاوەکەش زۆر بەتین بوو. هەستم بە ماندوی دەکرد. لە شەقامەکە پێیمەوە ئەویش بەرامبەرم وەستا بوو. بە پێکەوتمە هەنگاونان چەند وێنەیەکی قان کوغم بۆ هەشت. وێنەکانی لە ژورسەرمەوە بە عەمودی کارەبای شەقامەکەوە هەواسرا بون و تینی گەرما دەیبرژاندن.
هەشتا هەتاوەکە لە گەرمەی ئیشکردان دا بوو.کەکارەکان عارەقی هیلاکییان دەسڕی! لقی درەختەکان سەرقاڵی باندکان بوون بۆ استی چاوانی ئۆوم نەدەکرد بۆ جۆرە بشۆڕم بۆ تایبەتی وەختێک

ئاوەم ئەدایەوە هەشتا وا بەشوێنمەوە. ترسام! ویستم تا هەزم تەدایە ئاکەم و خەم دەرباز بکەم. بەڵام چیم بە نەکرا نەمتوانی و هەزم نەبوو. لەو کاتەدا پاسکەک هات و سەرکەوتم. نەشم دەزانی بە کوێ دەچم؟ پارەی سەفەرکەم داو لە تەنیشتی ژنەک لەسەر کورسیەک دانیشتم.
پاش ١٠ دە خولەک لە پاسکە دابەزیم. دەم خۆش بوو بەخەم گوت:

- هەرچەندەک بەت ڕزگارم بوو لەدەستی. بەڵام لە ناکاو قەڵەی گرتم! وەک ئاوەی گەورەترین تاوانم کردبەت چاوەکانی بەیەک ڕووخسارم منیش بەناچاری و بەدەم ترس و دەڵەڕاوکێوە هاوارم کرد بەسەری دا:
- چیت دەوێت لە من؟ بە وازم لێناهێنیت؟ماندوو بوین لەگەڵ یەکتری دا! نەفرەت لە خەت و لەو ژیانەی چارەنووسمی بەست بە تەووە! بەڵێ و ئەگەای ژیانی خەت بگەڕبەر. بەڵێ و وازم لە بهێنە! دوژمنەکەم بەسەرنجەوە بەی ڕوانیم! وەک ئاوەی لەو ئەژەوە لەدایک بووم بمناسەت پەی گوتم:
- تە لە چ جۆرە مەخلوقێکیت؟ من تا ئێستا مرۆڤی وەک تە پە لە گوناه و سەرەڕۆ و ماندوم نەبینیوە! باوەڕ ناکەم هیچ یەکەک لە هاوەکانم چارەنووسیان وەک منی لە هاتبەت بە هەی تەی کەچەریەوە! تە دەڵێی بە کەچ کردن هاتوویتە دنیا! کەچ لەگەڵ خەی دەتبا، دەڵێیت و دەڵێیت بەبە ئاوەی ئارام بگریت.
زوو پەم وتی و ئێستاش پەتی دەڵێم:
- هەندە خەت بە کەشەی کەچ کردنەوە سەرقاڵ مەکە! لە گەڵەکێیەوە مەچە بە شارەکی جەنجاڵی و لە کەسانەکی تاریکییەوە بە شەقامەکی ترسناکی پە لە تاوانی. ماندوو بووم هەندە گەڵام و شوێنت کەوتم! لە شوێنەک ئارام بگرە! نەفرەتی شەیتانت بەرکەوێت! بەسە ئیتر وازبهێنە! بەسە کەچ کردن و نەسرەوتن! لەوەتەی هەم وام بە شوێن تەوە. بە شەویش ئەقڵە بەخەت ناگریت. ئەمڕۆ لە تارانی و سبەی لە پاریس، هەفتەی داهاتوو لە نیودەلهی و ڕۆژەکی کە لە واشنگتەنیت. شەقامەکان ماندوو بوون بەدەستەوە. بەیارەکە لەدەست مندا نییە ئاگین نەفرەتم دەکرد لە خەت و لە مەژووی کەچکردنت! ئاوێت لە بیر نەچێت چارەنووسم بەستراوە بەتەووە و تا مردنیش دەبێت پەکەوە بین.
بیرم لەشتی خراپ دەکردەوە. دەمویست کارەک بکەم هەرگیز نزیکم نەبەتەوە. دەمویست بە یەکەمین جار ناوی خەم بنەم جەلاد و بیکوژم و پە بخەمە سەر ملی و بیخنکێنم و ڕزگارم بێت

لە دەستی! لەوکاتەدا سەرقالی ئەوە بووم چۆن لەکەی خەمی بکەمەوە زەردەپەڕە ئاوا بووە. ئەویشم لە چاوەنبووە. هاوڕێکەم بە ئاگای هێنامەوە:

- بەسە هاوار کردن! درەنگە! هەستە! دەبێت بچین بە سەر کار.

جەلال عەبدوڵا ساڵح

قەڵەقی.. ئاراس سەعید

ئەم ماوەیە باش نەبووم. کاتێکانم لە نەو نەرینگەو نەخۆشخانەکان بەسەردەبرد. لە تاقیگەکانی خوێن پشکنینی (esr _ cbc _ tsh_hdl _ c.u.e)یان بۆکردم.
پشکنینەکان نیگەتیڤ بوون، بەڵام درزێکی گەورە لە دەم درووستبوو بوو.
بەنێک بە دەستەکانمەوە بوو، کاسی کردبووم، بەنی نەخۆشخانە، بەنی تەنهایی، بەنی نەخۆش، بەنی تەرم، بەنی خوێن، بەنی ئازار. چەند جار بە سابوونی لەکس دەستەکانم شوشت، کەڵەنیام لە دەستم دا، عەترم لەخەم دا، کەچی ئەو بەنە هەر نەڕەیشت.
شەوێکیان حاڵم تێکچووبوو، سواری نەقالێیان کردم، جگە لە ئامێری نەخۆشخانەکە، کەس نەیدەزانی چەندە بێت مردبووم.
پزیشکێک لە پرسیم ئێستا چەنی؟
سەرم بە لەقاند.
گووتی: کاتەکانت چۆن بەسەر دەبەیت؟
گوتم: زیاتر دەخەونمەوە، بەم باسکرد کە چۆن (گیرگەری سامسا) لە مرۆڤەوە دەبێت بەسیسرک!
ڕاسکۆلنیکۆف لە پترسبەرگ کەللەی سەری پیرەژنێک شەق دەکات. هێندەش نا، سووژدە بە ژنەکی سەزانی دەبات. پزیشکەکەش وەک من شارەزایی ئەدەبیات نەبوو، ئەویش کافکا و دەستێڤیسکی نەدەناسی.
بە بزەوە پێیگووتم: شەوانە بچیەوە سەرقالی؟
پێم گووت: شەوانە ناووم. جاروبار دەستپێک لەدەدەم و جاروباریش بە نووسینی نامەوە سەرقاڵم.
دەزانم ئەو ناتوانیت لە نامە تێبگات، دەیخوێنێتەوە و چەند دەڕەک تێدەپەڕێنیت و دەیەوێت زووتر بەم بنووسێت (واو جوانبووە!.)

لەبەر ئەوەی خەم بە دروستیی نازانم بۆچی دەخەکدا تێپەڕم، رەنگە زەر مافی ئەوەم نەبێت گلەیی بکەم کە بۆچی تەناگات.
پزیشکەکە بەپەکەنینەوە پارچەیەک گولاجی بە نووسیم.
سکرتێرەکەی کچێکی چاوشینی باباڕزبوو، بەدیەکی سپی و پانتۆڵکی کابۆی شینی لە پێکردبوو.
پێی گووتم: چی بە نووسیت.
گووتم: propranol.

propranol: حەبی قەڵەقی

بیرەوەرییەکانی فەقێیەکی گووگڵ..20… شەمەی بارەوانی

بەشی بیستەم

فەقێیەک، لە دژایەتی ژنەوە، بە سەنگەری فەمینیستەکان..!

ڕۆژگارێکی سەیرە گیانە!
من سوێندم خوارد و بڕۆنم دا، کە پێنج هەزار کتێب بخوێنمەوە، تا دژایەتیی مەهابادی قەرەداغی و ڕێکخراوەکانی فەمینیستەکان و بزووتنەوەکانی مافی ژنانی پێ بکەم، کەچی دواتر لەمیانی خوێندنەوەی بەردەوامی چەندساڵەی چەندهەزار کتێب و بیرکردنەوە و تێڕامان و بەراوردکاری، سەرەنجام تووشی گۆڕانی فیکری بووم و لە جیاتی دژایەتی کردنەکە، دەیان شیعر و تار و نووسین و بابەتم سەبارەت بە خەباتی فەمینستی و سەربەستی ژن و مافەکانی، ژن و خوێن و ئازادیەکانی ژن، ژن و ئازار و موعاناتەکانی، ژن و دژایەتیی کردنی ئەقڵی نێرسالاری و جیاکاری ڕەگەزی، لە پێناو ژنبوون و یەکسانی جێندەری، لەسەر ڕەگەزی دووەمی سیمۆن دیبۆقوار و حەوت ڕەمانی نەوال سەعداوی و پێنج ڕەمانی فەزیلەت ئەلفاروق نووسی و لە دەیان گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕدا، بڵاوبوونەوە.

کتێبی یەکەمیشم، کە بەرهەمێکی شیعری بوو و لەساڵی ٢٠٢٠، یەکەم چاپی لە ژێر نانویشانی"مەملەکەتی ژن کوژان" لە بڵاوبوونەوە.

سەیەم کتێبی شیعریشم"ئەمشەو تەنیایی دادگیرسێنم" کە ئێستاوا لەژێر چاپە و لەو ڕۆژانە بڵاودەبێتەوە.
لە کۆی سی و شەش شیعری نێو کتێبەکە، هەشت دانیان بە ئازادی و ئازار و خەم و ماف و تراژیدیاکانی ژنە.

بەشێوەیەك بەرگری لە مافەکانی ژن دەکەم و دژی ئەقڵیەتی نێرسالاری دەنووسم، تەنانەت بەشێک لە پیاوەکان بەوە تەمەت بارم دەکەن، کە زۆر ژنانە دەنووسم و ڕۆشتومەتە سەنگەری فەمینزمەکانەوە و دژایەتی پیاو و نێر دەکەم.

ئەوەش بڵێم: من بەگومان لە سەنگەی مرۆڤ بوونم و باوەڕی تەواومەوە بە یەکسانی جێندەریەوە ئەو قسەیە دەکەم، چۆن پیاوسالاری نەخۆشیەکی کوشندە و دیاردەیەکی قێزەون و نامرۆڤانە و دڕندەیە و کەمێ و مرۆڤایەتی تووشی پەرتەوازەیی و دووبەرەکی و ئیفلیج و دەرد و بێهاو ئافات و ماوەڕانی دەکات، ژن سالاریش هەمان شێوە.

بەیە ئەمە دەبێت دایمە مرۆڤ سالارانە بیربکەینەوە و ژیان بکەین، ئەو دیواری جیاکاری ڕەگەزییە بەمنین، کە لەسەر بنەمای جیاکاری جێندەری لێنەوان هەردووک ڕەگەزدا ڕەنراوە.

ئەو ئەقڵیەتە نێرسالاریە نەخۆشە لەناو بەرین و مرۆڤکان لەبە مانایی و مەترسیەکانیدا ئاگادارکەینەوە و هەموان لە ڕەگای پەروەردە و یاسا، خەزان و ڕاگەیاندنەوە، ئاشنای چەمکی یەکسانی جێندەری بکەین.

ئەمە دەبێت هەردووك ڕەگەز، خەبات بۆ ئەوە بکەین، کە جیاکاری ڕەگەزی نەمێنێت و یەکسانی جێندەری ببێت بە یاسا و کولتوور و، لەدەستوور و لەناو ئەقڵ و مینتاڵیتێت و هۆشیاری تاکدا بچەسپێت و پەرژینی ئەقڵیەتی نێرسالاری بەیەکجاری بەمێت.

تونديی و زیادەڕەوی چ لای پیاو لە دژی ژنەوە بێت، چ لای ژن، لە دژی پیاوەوە بێت، هەردووکی تراژیدیا و ماوەڕانکەر و نامرۆڤانەیە.
ئەمە دەبێت هەردووک ڕەگەز، دەست لەناو دەست و شان بەشان، کار بە سینەوەی بیری نێرسالاری و جیاکاری ڕەگەزی بکەین، کار بە نەهێشانی ئاسوارە خراپەکانی ئەو ئەقڵیەتە پاتریاریکیە بکەین. دووبارە مرۆڤ بهێنینەوە سەر سکە ساخەم و ڕەگەز ڕاستکەینەوە، ئەویش ڕەگەزی مرۆڤ بوون و یەکسانییە.

ڕکخراوی ئافرەتان هەیە تۆندن زەر، لە گۆڤار و ماڵپەڕکانیان ڤیتەی پیاویان کردووە و تەنها نووسینی نووسەرە ژنکان بۆ دەکەنەوە و من وتار و شیعرم بۆ ناردوون پێیان گوتووم تەنها هی نووسەرە ژنکان بۆ دەکەینەوە، جا مەهەزڵەکە ئەوەیە، ئەو شیعر و تارانەی بۆم ناردن، هەموویم بۆ خەمکانی ئافرەت و ئازادی و ئازارکانی ژن نووسیون.

وتارکیشم لەسەر ئەو نووسیوە و لە کەمپەینک گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕدا بۆ بووە، لە ژەرناونیشانی(مروۆ بوونمان لەنەوان بەرداشی ژن سالاری و پیاو سالاریدا).

بەڕاستی ئەو کارساتە، ئەمە خەبات بۆ ئەوەدەکەین تاکو جیاکاری ڕەگەزی نەمێنێت،
تۆ دووبارە دێیت و هەمان هەڵەی نەرسالاران دووبارە دەکەیتەوە و دووبارە دیوارکیتری کۆنکریتی مۆ سالاری و ژن سالاری، لە بەرامبەر دیواری نەرسالاری چەدەکیت و تراژیدیای جیاکاری ڕەگەزی قوڵتردەکەیتەوە و قوڕی ئەو جیاکارییە جێندەری و ڕەگەزیە نامرۆڤانەیە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی خەستر دەکەیتەوە و تەشەنوجات و حەساسیەت و دوو بەرەکی و دوو کەرت بوون و دوورکەوتنەوە دەخەیتە نێوان هەردوو ڕەگەزەوە!

ئینجا ئەو خانمە بەڕێزانە و گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕ و یەکێتیەکیان، دەبێ دەستخۆشی لە هەر نەرەک و پیاوەک بکەن، کە پشتگیری مافەکان و داوا ڕەواکان و ئازادیەکانی ژن دەکات و لە ئازار و نەهامەتی و تراژیدیا و دڕندەخی ژیانی ژنان تێدەگات و دەچێتە بەرەی ژنان و سەنگەری فەمینیزم بوون و دژی ئەقڵیەتی نەرسالاری و چەوسانەوەی ژن و سەلبکردنی ئازادیەکانی ژن و لەژن خستن و لە مرۆڤ خستنی ژن، دەوەستێتەوە، نەک قیتێ بخاتە سەر پیاو دیوارکیتری ژن سالاری، لەپاڵ دیوارە نەرسالاریەکە دروستکەن و هەردووک ڕەگەز هەندەی تر بکەن بە دژ و دووژمنی یەکتری و لە یەکتریان دوور خەنەوە!

ڕەخنە و ئەدەبی منداڵان... عەلی حەمەشید

ئەدەبیاتی منداڵان لقێکە لە ئەدەبی کوردی و ئەویش هەروەکو لقەکانی تری ئەدەب چەند ژانرێک دەگرێتەوە وەکو شیعر و چیرۆک و ئەپەرێت و شانۆ و ڕۆمان و سیناریۆ و... کە تایبەتمەندی خۆیان هەیە، کە سەرنج بدەین دەبینین ئەدەبیاتی منداڵان هەنگاوی باشی ناوە وەک وەڵامانی دراوسێ و لەم ساڵانەی دواییدا پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوە بینیوە، کەمێک شاعیر و نووسەر و وەرگێڕی بەتوانا بەدەستەوە لەو بوارەدا هەوەی خۆیان خستۆتە گەڕ و کەمێک بەرهەمیان پێشکەش بە کتێبخانەی منداڵانی کورد کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەو زۆرییەشدا بمانەوێ و نەمانەوێ بەرهەمی تەدایە کە بە منداڵان ناگونجێت و پێشکەش بەوان کراوە، کە هەموو ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ڕەخنە، بەڵام کام ڕەخنە؟ ڕەخنەی زانستیی و بنیاتنەر لەسەر بنەمایەکی زانستی وئەدەبی کە ببێتە هۆی پێشخستن و پێشکەوتنی ئەو بەرهەمەی کە ڕەخنەی دەربارە دەگیرێت، لەهەمان کاتیشدا جیاکردنەوەی ئەو بەرهەمانەی کە بە منداڵان ناشێن و لە لایەنی ئەدەبییەوە کەموکوڕییان تەدایە و پێویستییان بووە هەیە ڕەخنەگر هەستنگاندنیان بە بکات بەمبەستی بەرەوپێشچوون، یان لەلایەنی دەروونییەوە، یان زانستییەوە. یان ئەو وێنانەی کە بە چیرۆک و شیعرەکان دروستکراون، ئەمانە هەموویان پێویستە گونجاوبن و دوور بن لە کەموکوڕی و ناتەواوی. چونکە ڕەخنە جۆرێکە لەهەستنگاندن و نرخاندن بە مەبەستی دەرخستن و نیشاندانی لایەنی باش و خراپ. دیارە ڕەخنەش پەیوەندی بە زۆر لایەنەوە هەیە و دەتوانرێت بخرێتە بەردەم پرسەی ڕەخنە و ڕەخنە لێگرتنەوە. دەبێت ئەوەش بزانین کە ڕەخنە لقێکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە و بایەخ بە لێکۆڵینەوەی بەرهەمی ئەدەبی دەدات.

بە پێشکەوتن و پێشخستن

ڕەخنەگر لە هەر بوارێکدا کار بکات پێویستە خاوەن توانا بێت و شارەزاییەکی باشیشی هەبێت دەربارەی ئەو بوارەی کە ڕەخنەی لێدەگرێت بە شێوەیەکی زانستی و دوور لە هەر شتێکی تر کە لە بەهای کارەکە کەم بکاتەوە. ڕەخنەی بنیاتنەر هەمیشە هەیەک بووە بە پێشکەوتن و پێشخستن، چونکە تەنها مەبەست تیایدا ئەوەیە کە لایەنە نەرێنی و ئەرێنییەکان خاوەن بەرهەم

هەوڵی زیاتر دەدات کە لەسەر ئەو ڕێچکەیە و بەشێوەیەکی چالاکتر و باشتر هەنگاوەکانی خۆراو گورجتر بکات تا کاری داهێنەرانەتر ئەنجام بدات لە بوارەکەی خۆیدا، بە لایەنە نەرێنییەکانیش خاوەن بڕهەم کەموکوڕییەکانی بە دەردەکەوێت و زیاتر لای ڕوون دەبێتەوە و هەوڵی خۆی زیاتر دەخاتە گەڕ بە ئەوەی لە داهاتوودا ئەو کەموکوڕیانە دووبارە نەکاتەوە و لەسەر ئەو پێشنیار و تێبینی و سەرنج و ڕێنماییانەی کە ڕەخنەگر دیاری کردووە بۆ بەشێوەیەکی جیاوازتر و باشتر ئەگەر بیەوێت پێشبکەوێت و بڕهەمەکانی ببنە جێگەی سەرنج توانا و لێهاتوویی خۆی زیاتر بخاتەگەڕ، لە هەمان کاتیشدا کەمێک بڕهەمی باش و خاوەن مەرجە تایبەتییەکانی ئەدەبیاتی منداڵانمان بە پوختی بە دەستە بڕهەم کە شایانی ئەوە بن بشایەک لە نێو پەرتوکخانەی منداڵاندا پێ بکەنەوە، ئەوانشمان بە دەردەکەوێت کە پێویستییان بە پەداچوونەوە هەیە و خاوەنکانیان ئەگەر بەهەر هەیەک بێت نیان توانیوە تیایدا سەرکەوتووبن یان بڕەوپێش بێن یان کار لە بوارەکی تری ئەدەبیات دا بکەن. زۆر لە نووسەر یان شاعیر هەیە وەکو پێویست شارەزا نییە لە بواری ئەدەبیاتی منداڵاندا و بەکارەکی سادە و ئاسانی دەزانێت کە بە پێچەوانەوە کارەکی گرنگ و گرانە، بۆیە ئەوان لەگەڵ ڕەزی زۆرم بۆیان بڕهەمەکانیان دەبنە بار بەسەر ئەدەبیاتی منداڵانەوە و زیان دەگەیەنن لە جیاتی سود. بە پێی ئەزمونی خۆم کەسانەکی زۆرە لەو بوارەدا کاردەکەم و بەمنداڵان دەنووسم، دەتوانم بڵێم ڕەخنەی بنیاتنەر و دروستکەر بە پێوەرەکی زانستی و کەسانەکی شارەزا و لێهاتوو ئەنجامی بدەن ئەم سودانەی بە ئەدەبیاتی منداڵان دەبێت، جا چ بە ژانری شیعر یان چیرۆک یان ئەپەرێت یان شانۆیی یان ڕەمان بێت. جیاکردنەوەی ئەو بڕهەمانەی کە ناشێن بە منداڵان و بە زۆر ئاخنراونە نێو ئەدەبیاتی منداڵانەوە. ئاگادار کردنەوەی ئەو نووسەر و شاعیرانەی کە بە منداڵان دەنووسن تا بە وردی و وریایی و شارەزاییەوە بنووسن. هاندان و دەستخۆشیە بە ئەو نووسەر و شاعیرانەی کە بڕهەمەکانیان لە ئاستەکی باشدایە و گشت مەرجە تایبەتییەکانی ئەدەبیاتی منداڵانی تێدایە بە زیاتر بڕەوپێشچوون و داهێنانی زیاتر. پێشخستن و سەرکەوتنی ئەدەبیاتی منداڵان. تواندنەوەی گشت بڕبەستە سەهێڵییەکانی نووسین لەو بوارەدا بڵێنمایی و تێبینی و سەرنجە دروست و بنیاتنەر و ئەرێنییەکان، سەرچاوەیەک دەبێت، یان دەبێتە بڕچاووونی بە ئەوانەی کە دەیانەوێت بە منداڵان بنووسن. ناساندن و بەدەرکەوتنی ئەو شاعیر و نووسەرانەی کە جێگە دەستیان بە ڕوونی دیارە لەو بوارەدا. پێدانی ڕێنمایی و بڕچاووونی زیاتر بە ئەو شاعیر و نووسەرانەی کە

بەرهەمەکانیان کاوکرچی یان نێ گونجاندنیان تێدایە بە نەهێشتن و پشکۆتن. هەمیشە ڕەخنە لە بوون دەگیرێت، هەر بەرهەمێکیش جا هی هەر شاعیر یان نووسەرێک بێت کە ڕەخنەی لێگیرا واتای ئەوەیە ئەو هەیە و دیارە لەو مەیدانەدا، بۆیە نابێت دەگران بن بە ڕەخنە.

بەرەوپێشچوونی ئەدەبیاتی منداڵان

ئاگەر سەرنج بدەین کەمێکی زەر پەرتوک و نامیلکە و گۆڤاری تایبەت بە منداڵان سااندەرچوون و دەردەچێت، بەڵام وەکو پێویست نە هەستەنگاندن و نە خوێندنەوەیان بە کراوە. نە ڕەخنەیان لێگیراوە، کە بەرهەمی وا دەبینین کە هەرگیز بە منداڵان ناشێن کەچی لەی نووسراوە (بە منداڵان) بۆیە پێویستە گرنگی زیاتر بە بواری ڕەخنە بدرێت. من پێش چەند ساڵێک پێش ئێستا ئەم زەر بە گرنگ زانیوە و لە نووسین و دیدارەکانمدا باسی ئەوەم کردووە کە ئەم پێویستییمان بە گۆڤارێکی وەرزی هەیە کە تەنها تایبەت بێت بە ڕەخنە و خوێندنەوە و هەستەنگاندنی ئەو گۆڤار و کتێب و نامیلکانەی کە بە منداڵان دەرچوون و دەردەچن. دوور لە ناسیاوی و بەژەوەندی تایبەت بەرهەمەکە چۆنە وەکو خۆی خوێندنەوە و هەستەنگاندنی بە بکرێت. راست نییە تا ئێستا ئەو هەموو هەیە و بەردەوامیش دەردەچێت هیچیان دەربارە نەنووسراوە و نەکراوە، هەرچەندە بەشێکیش دەکەوێتە سەر ئەوەی کە سەرجەم بەرهەمەکان لە ئێستادا بە تیراژێکی زەر کەم دەردەچن کە بەشی منداڵانی دوو یان سێ قوتابخانە ناکات کە لە راستیدا نووسەرێکەی بە هەموو منداڵانی کوردی نووسیوە. پەرتوکێک (300 یان 500) نوسخەی لێدەربچێت چەن دەگاتە هەموو کوردستان زەر جار ناگاتە نووسەر و شاعیرەکانی بوارەکە و ئەو کەسانەش کە لە بواری ڕەخنەدا کار دەکەن تا دەربارەی بنووسێت، هەر چەندە ئەو کەسانە زەر کەمن کە لەو بوارەدا دەنووسن، تا ئێستا کەسێکی تایبەتمەندمان نییە کە لە بواری ڕەخنەدا کار بکات بە منداڵان. هەندێک جاریش کەسانێک بە نامەی ماستەر یان دکتۆرا دەربارەی ئەدەبیاتی منداڵان نامەکانیان بە ئەو بوارە تەرخان کردووە، بەڵام من پێم وانییە کە کارەکانیان شتی نوێ و داهێنان و خستنەڕووی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەدەبیاتی منداڵانی وەکو پێویست تێدابێت، چونکە ئاگەر وا بوایە ئەوا لە شوێی کتێبدا دەخرانە نەو کتێبخانەی کوردییەوە، جار جار هەندێک دەبینین بەڵام زەر بەکەمی. نمونەش لەو بوارەدا نامەی ماستەری مامۆستا (رازاو ڕەشید سەبری) کە دەربارەی چیرۆکی منداڵانە و کراوە بە کتێب، یان (شیعری منداڵان لەئەدەبی کوردیدا، د. فازیل مەحمود)، هەروەها هەندێکیشیان بەشێکیان لە گۆڤار یان ماڵپەڕەکاندا بڵاوکردنەوە

وەک نامەی ماستەری کاک (زیاد ڕەشاد)، چونکە ئەگەر ئەوانە بەشەوەی کتێب هەبن دەبنە هەی بەرەوپێشچوونی ئەدەبیاتی منداڵان و لە هەمان کاتیشدا دەبنە سەرچاوەیەکی باش و باوەڕ پێکراو. کەسانی تریش هەن کە لە بواری ئەدەبیاتی منداڵاندا نامەی ماستەر یان دکتۆرایان پێشکەش کردووە، بەڵام هەر لای خۆیانە یان لە گۆشەیەکی کتێبخانەی زانکۆکەیاندا دانراون. لەگەڵ ئەوەی کە هەوە و ماندووبوونێکی زۆریان لەگەڵدا کێشاوە بۆ بەدەستهێنانی. پەیوستە ئەوەش بڵێین کە نەبوونی ڕەخنەی تایبەت و بنیاتنەر زۆری و بڕیارێکی بەرهەمی منداڵان بەرهەم دەهێنێت. باش و خراپ تێکەڵەی یەکتر دەبن و دەبنە بار بەسەر ئەدەبیاتی منداڵانەوە و سەرلەشواوی و تێنەگەیشتنی تەواو لە ئەدەبیاتی منداڵاندا دروست نابێت. هەروەها هەمووان خۆیان بە پاڵەوانی بوارەکە دەزانن و کەس نازانێ کە داهێنەر و بەسەلیقەیە و کە خۆی بە بوارەکەدا هەڵواسیوە، بەڵام ماوەیەکی زۆری پەدەچێت کە لە بژنگ بدرێ و چاک و خراپ لە یەکتری جیا بکرێنەوە.

تیرەری سیاسی لە ئیسلامدا..5… شەماڵ بارەوانی

بەشی پێنجەم و کۆتایی

لە بەشی پێشوو باسمان لە تیرەرکردنی(مالیکی کوڕی ئەلئەشتەر)کرد لە هەگبەی ژارەوە، بە پیلانی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان.

موعاویە یەکێک لە سیفەتەکانی ئەوەبوو، هەرکەسێکی بە مونافیس و مەترسی بە سەر هەژموون و پێگەو کورسی و دەسەاتی خۆی بزانیبوایە، هەوەی تیرەرکردن و پاکتاوکردن و لە ناو بردنی دەدا.
ئینجا نووسەر لە بەشی سێیەمدا، دێتە سەر باسکردن لە تیرەری سیاسی، لە سەردەمی ئومەویەکاندا، تیرەرکردنی (حەسەنی کوڕی عەلی) لەسەر دەستی هاوسەرەکەی(جەعدەی کچی ئەشعەسی کیندی) و بە فیت و ئیغازی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان.
حەسەن، ئەو پیاوەی بە موعاویە سازش و تەنازولی کرد، لە جێنشینی و

خەلافەت، حەسەن بەوەیش ناسراو بوو، کە زۆر پرسەی هاورسەگیری پێک هێناوە و زۆر بەزویش لە هاوسەرەکانی جیادەبوویەوە و بە زمانە بازاڕی و میلیەکەی:ژن بەردان لای وەکوو ئاوخواردنەوە وابووە!

ئینجا تیرەرکردنی (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز)و کوڕەکەی (عەبدولمەلیک).
هەروەها نوسەر باس لە کەمێک کەسیتر دەکات، کە لە سەردەمی ئومەویەکاندا تیرەرکراون.

لەوانە:عەبدولڕەحمانی کوڕی خالید، موعاویەی کوڕی یەزیدی کوڕی موعاویە، یەزیدولناقیس- یەزیدی کوڕی وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیک، مەروانی کوڕی حەکەم، عەلی کوڕی حوسێن و کوڕەکەی (موحەمەدولباقرو..تاد.

پاشان نووسەر لە تیرەری سیاسی لەئیسلامدا و لە بەشی چوارەمدا باس لە قەناغەکیتر دەکات، ئەویش تیرەری سیاسییە لە سەردەمی عەباسیەکاندا و باس لە تیرەرکردنی (عەلی ئەلەیزای کوڕی موسای کازم)ی وەلی عەهد و جێ نشینی مەئمون دەکات.
پاشان لە تیرەری گرووپی ئیسماعیلیەکان بە سەرپەرشتی(حەسەنی کوڕی سەباح) کە بە حەشیشیەکان ناسراو بوون دەدوێت.

ئینجا تیرەرکردنی ئیدریسی کوڕی عەبدولڵای سەرکردەی چەکداری ئاپۆیو لە دژی دەسەڵاتدارێتی عەباسیەکان.

تیرەرکردنی عەلی کوڕی ئەلفەزل، تیرەرکردنی ئەبو سەعید الجەنابی، تیرەرکردنی(توتوش و بوری) هەردووك کوڕەکەی (ئەلەب ئەرسەلان)ی سوڵتانی سلجوقیەکان لە لایان (زومرد)ی دایکیانەوە، لە ڕێگەی ژەهراویکردنی خواردنەکەیان.

تیرەرکردنی موقتیدر باللەهی عەباسی، ئامربیئەحکامواللەی خەلیفەی فاتیمی، موعیدی کوڕی زاید، شازادە ئاق سەنگەری سەلجوقی، نیزامولمەلیک و کوڕەکەی (فەخرولمەلیک)، سوڵتان ئیسماعیلی کوڕی فەرەج و ..تاد.

ماوتەوە بەم: ئەوە ڕانان و خوێندنەوەیەکی کورت بوو بە کتێبی «تیرەری سیاسی لە ئیسلامدا». نموونەکان و چیرۆکەکان هێندە زۆرن، سەبارەت بە تیرەری سیاسی لە مێژووی ئیسلامیدا، کورد وتانی لێبن نایەن و ئەوە مشتێک بوو لە خرواڕێک و من لەڕەوە کتایی پێدێنم و ئەویتر بە خوێنەر خۆی جێ دەهێم، ئەو خوێنەرەی عەودالی حەقیقەت و

گەیشتن بە ڕاستیەکان و پەردەلادان لە سەر ڕووی چەواشەکارییەکانی، با بەوات ئەو کتێبە بە نرخ و بەهادارەی« تیرۆری سیاسی لە ئیسلامدا» بخوێنێتەوە و بە چاوێکی خوێی حەقیقەتگەران و نموونە حاشاهەڵنەگرەکان و بەگژ بە هەڵەکان، سەبارەت بە تیرۆری سیاسی لە ئیسلامدا، ببینێت.